# ئایندەی سیاسی کوردستان لەدەستوری هەمیشەیی عێراقدابەرو کوێ ؟

ئەبوبکرئەحمەد سلێمان

2005-2-10هۆلَندا

بەشداری ئەمجارەی خەلَکی کوردستان بەشێوەیەکی ئارە زومەندانە لەهەلَبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیستیمانی عێراقدا ، کۆمەلێك خالَی بەهێزولاواز {پۆزەتیف ونێگەتیفی} ی لەسەرئایندەی سیاسی کوردستان داناوە ، ئەگەر تاکو پێش روخانی رژێمی دیکتاوۆری بەعس لەچاوی خەلَکی کوردستانەوە دوولَەتی عێراق بەدەولَەتێکی ناشەرعی دەبینراو لکاندنی کوردستانیش بەوەدەولَەتەوە زۆرەملێ وشێوەیەکی داگیرکەرانەی نیشان ئەدا ، بەلاّم لە30-1-2005 دا لەسەردەستی زوربەی حیزبە کوردستانیەکان لەهەلَبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتیمانی عێراقدا ، عێراقی بونی کوردستان بەشێوەیەکی قانونی چەسپێندراولەرێگای بەشداری زوربەی هەرەزۆری خەلَکی کوردستانیشەوە لەوهەلَبژاردنەدا شەرعیەت بەوعێراقی بونەی کوردستان درا ، ئەم پرۆسەیەبۆی هەیە ببێتەمانعێکی قانونی لەبەردەم خەباتی رزگاریخوازانەی خەلَکی کوردستان و دامەزراندنی دەولَەتێکی سەربەخۆ ، نەك هەرلەم قۆناغەدا بەلَکو ئەم پرۆسەیەکێشەی خەلَکی کوردستان دە باتەئاستێکی ناسکترو ئالَۆزتری کردوەلەئایندەیەکی دوریشدا ، بەرجەستەترین خالَی نێگەتیفی بشداری کردنی خەلَکی کوردستان لەم هەلَبژاردنەدا رنگەئەوەبێت ، ئەگەرناوەرۆکی دەستوری هەمیشەیی عێراقی ئایندە زوربەی خواستو مافەکانی خەلَکی کوردستان لەخۆنەگرێت ونیگەرانی لێ بکەوێتەوە ، ئەمجارەیان هەلَگەرانەوەویاخی بونی چەکدارانەی خەلَکی کوردستان لەدژی دەولَەتی مەکەزی کارێکی ئاسان نابێت ولەروی قانونیشەوە ئەستەمەخەباتی چەکدارانەی خەلَکی کوردستان جارێکی ترلەم قۆناغەدا بتوانێت سەرنجی سۆزوپشتیوانی کۆمەلَگای نێودەولَەتی بەلای خۆیدا رابکێشێتەوەئەویش بەهۆی ئەوەکەئەمجارەیان بەدەستی خۆمان مۆری عێراقی بونمان لەکوردستان داوە وپاشگەزبونەوە لەم بریارە روبەروی کۆمەلێك بەربەستی قانونیمان ئەکاتەوە .

سەبارەت بەنوسینەوەی دەستوری هەمیشەیی عێراق ودارشتنەوەی بنەماکانی دەولَەتێکی شەرعی لەم ولاتەدا ، ئەنجامی هەلَبژاردنەکان هەرچۆنێك بێت لەوەناچێت جێگاورێگای جوگرافیای سیاسی کوردستان لەعێراقی ئایندەدالەبەرژنوەندی خەلَکی کوردستان بگۆرێت وبیباتەئاستێکی بەرزترولەسەربەخۆیی یەکجاری یەك هەنگاو نزیکتری بکاتەوە .

ئەگەر لیستی کوردستانی دنگی هەمودەنگدەرانی کورد ودۆستەکانیشی بۆخۆی مسوەگەرکردبێت ، هێشتاکەمایەتی یەکی زۆرکەم ئەبێت لەئەنجومەنی نیشتیمانی عێراقی ئایندەداو چاوەروانی ئەوەش ناکرێت هیچ هاوپەیمانیەکی ئەوتۆلەبەرژەوەندی لیستی کوردوداخوازیەکانی خەلَکی کوردستان روبدات ، بەپێچەوانەوە لەبەرامبەر کێشەی کوردو بەمەبەستی پێشگرتن لەچونە پێشەوەی چارەنوسی سیاسی ئەم جوگرافیایە ، هەموحیزب ولایەنەعەرەبیەکان بەشیعەوسونەو علمانی وقەومیەکان وبەپاشماوەکانی حیزبی بەعسیشەوە هەموئەوانەبەجیاوزی مەزهەبی وبیروباوەریانەوە یەك هەلَوێستن وسەبارەت بەپاراستنی پیرۆزی یەکپارچەی خاکی عێراق بەرژەوەندی ناسیۆنالیستی هاوبەش لەئاخرین کاتدا لەدەوری یەك کۆئەبنەوەوهێزەسەرەکیەکانی ناسیۆنالیستی عەرەبی بۆئەوەی ببێتەزوربەلەناوئەنجومەنی نیشتیمانی عێراقدارێزەکانی خۆی رێك ئەخاتەوە ، تەنانەت ئەوهێزولایەنانەش کەبەشداری پرۆسەی هەلَبژاردنەکانیان نەکردووسەرسەختانەدژایەتی هەلَبژاردنیان ئەکرد لەنمونەی عولەمای موسلمین لەعێراق وحیزبی ئسلامی عێراق وبەشێکی زۆرلەعەرەبی سوننەوپاشماوەکانی حیزبی بەعسی روخاو ، ئەمرۆهەموئەوانە ئامادەیی خۆیان راگەیاندوە بۆبەشداری کردن لەنوسینەوەی دەستوری هەمیشەیی عێراقدا ، ماناى ئەوەیە هەموهێزەسیاسی یەکانی عەرەبی بەناسیۆنالیست وشیعەوسوننەوسەرجەم بەعسی یەکانیشەوەبەجیاوازی بیروراپانەوە خەریکی خۆ رێکخستنەوەن بەمەبەستی کۆنترۆلَ کردنی زوربەی کورسیەکانی ئەنجومەنی نیشتیمانی بۆبەرگری لەبەرژەوەندی ئیستراتیژی هابەش هەروەك کوردەکان کەچۆن لەکوردستان ناومالَی خۆیان رێکخستۆتەوە وخۆیان ئامادەکردوە بۆبەدەستهێنانی دەست کەوتی زیاتر ،

**بەم پێیەش ئەگەرکوردنەتوانێت لەڕێگای هاوپەیمانییەکی ڕاستەقینەوە هاوسەنگی هێزلەناپارلەماندا لەبەرژەوەندی خۆی بگۆڕێت ئیترهیچ تەرح وبەرنامەیەکی چارەنوس سازی لیستی کوردی سەبارەت بەئایندەی سیاسی کوردستان ناتوانێت دەنگی زۆرایەتی ئەندامانی پارلەمان بەدەست بهێنێت و بیکاتەبڕیار .**

**دەکرێ لەتەشکیلەی دەوڵەتی ئایندی عێراقدا لەڕێگای هاوپەیمانەتی یەکی کاتی یەوە بەتایبەتیش لەگەڵ خەتی علمانیەکان و بەفشاروپاڵەپەستۆیەکی زۆر پلەوپایەوجێگاوڕێگایەك بۆڕابەرایەتی دوحیزبەگەورەکەی کووردستان قبوڵ بکەن ، بەڵام هەرداخوازیەکی سیاسی کەببێتەهۆی کارئاسانی بۆنزیك بونەوە لەسەربەخۆیی کوردستان بەدەنگی زۆرایەتی ئەندامانی پارلەمانی عێراق بەتوندی ڕەت دەکرێتەوە ، بەتایبەتیش کەدەستوری هەمیشەیی عێراق لەدوای موصادەقەی ئەنجومەنی نیشتیمانی لەسەرتاسەری عێراق ڕاپرسی {استفتا} ی بۆئەکرێت ، گومان لەوەدانیەهەربەندێکی ئەودەستورەکەپەیوەندی هەیەبەکێشەی کوردەوە ومەترسی هەبێت بۆسەریەکپارچەیی خاکی عێراق جگەلەخەڵکی کوردستان لەلایەن زوربەی هەرەزۆری هەخەڵکی عێراقە ڕەت ئەکرێتەوە .**

**سەبارەت بەمەسەلەی کەرکوك کەدۆسییەکی حەساسی هەیەلەچارەسەری کێشەی کوردوجوگرافیای کوردستاندا ، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا کوندولیزارایس لەسەردانەکەی ئەمجارەیدا دەوڵەتی تورکیای دڵنیاکردەوە سەبارەت بەپاراستنی یەکپارچەیی خاکی عراق وڕێگەگرتن لەگێڕانەوەی شاری کەرکوك بۆسەرجوگرافیای کوردستان ، کەئەم مەسەلەیەمەشغەڵەتێکی زۆری بۆ تورکیادروست کردبو ، بێ گومان حکومەتی ئەمریکا سەبارەت بەدامەزراندنەوەی دەوڵەتی ئایندی عێراق وکیشەسەرەکیەکانی ئەو وڵاتە خۆی بە بەرپرسیاردەزانێت و لەهێڵەسورەکانی ئەوپرۆسەیەدا بەتایبەتیش مەسەلەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئسلامی لەعێراق و کێشەی کەرکوك ڕاستەوخۆ مداخەی تێدائەکات ، بەتایبەتیش لەکاتێکدا کەهاوپەیمانەتی دەوڵەتی تورکیا بۆئەمریکالەدوای ئیسرائیل گرنگی یەکی یەکجارزۆری هەیەوبەپێچەوانەشەوە جوگرافیای کوردستان ئەوپێگەگرنگەی نییەلەناوچەکەدا بۆپاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا ، ئەوتۆزە دۆستایەتیەش کەئەمریکاهەیەتی لەگەڵ هێزەکوردستانیەکان زیاترپەیوەندی هەیەبە کێشەی ئێران لەگەڵ ئەمریکا ، بەتایبەتیش کەکوردستانی عێراق سنورێکی بەرفراوانی هەیەلەگەڵ ئێراندا ، کوردەکان ماوەی ئەوچەندساڵەی دەسەڵاتیان سودمەندبون لەوکێشەیەی کەهەیەلەنێوان ئەمریکاو دەوڵەتی ئێراندا ، دەوڵەتی ئەمریکالەماوەی 13ساڵی ڕابوردوداهیچ بەڵێنێکی زمنی نەداوەبەکوردەکان سەبارەت بەپشتیوانی لەپێکهێنانی کیانێکی سیاسی سەربەخۆ وەیان نیمچەسەربەخۆلەکوردستانی عێراق ، ئێستاش لەدوای 13 ساڵ وەزیری دەرەوەی ئەمریکاهەمان سیاسەتی پێشوی وڵاتەکەی دوپات دەکاتەوە لەبەرامبەر داخوازیەکانی خەڵکی کوردستان و مەسەلەی کورد بەکێشەیەکی ناوخۆیی دەزانێت وداوای ئەوەئەکات ئەم کێشەیەلە چوارچێوەی عێراقێکی یەکپارچەداچارەسەرێکی بۆبدۆزرێتەوە ، ئەوچارەسەرەش کەتاکوێستابیری لێ کراوەتەوەلەباشترین حالەتدالە فیدراڵی پارێزگاکان تێ ناپەڕێت وبڕیارەکانی ئێستای هێزەسەرەکیەکوردستانییەکانیش سەبارەت بەمانەوەیان لەچوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتودا لەهەمان سیاسەتی کۆن وتازەی ئەمریکاوەسەرچاوەدەگرێت ،**